# ئاو لە نێوان فەلسەفە و شیعردا
## بە نموونەی (هەی ئاڤ و ئاڤ)ی فەقێی تەیران

د. پەخشان سابیر حەمەد
(زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی ئاداب/ زمانی کوردی)
( ٢- ٢ )

**پێکهاتەی دەقەکە بەم شێوەیەیە:**

١- **بانگکردن:** بانگکردنی شاعیر بۆ ئاو و خستنەڕوو و لێکدانەوەی جووڵەکانی ئاو و بردنەوەیان بۆ سەرچاوەی عەشق (عەشقی خودایی و پەرستنی)، کە ئەمە خوێندنەوەیەکی وردی (فەقێی تەیران)ە بۆ بزووتنەوە و جووڵە و دەنگی ئاو. لە بەندی یەکەم تا ٢٦، واتە ٢٥ بەندی، هەمووی بۆ پرس و سەرنجەکانی خۆی بەرانبەر ئاو داناوە.

٢- لە چوارینەبەندی (٢٦) سەرسامی ئاو لە زیرەکی و وردیی شاعیر و هۆشیاری، چونکە تا ئەو کاتە کەسێک ئەم جۆرە پرسیارانەی ئاراستە نەکردووە، تەنانەت پێغەمبەرانیش لەم بارەیەوە پرسیاریان نەکردووە، تا بەندی (٢٩) بەردەوام سەرسوڕماوی ئاو، لە پرس و چۆنیەتی خستنەڕووی پرسەکانە.

٣- لە چوارینەبەندی (٢٩) تا (٣٦) فەقێ داوا لە ئاو دەکات پرسیارەکانی جێگەی سەرنج نەبن، چونکە عەرشی یەزدانیش لەسەر ئاوە، بە بەڵگەی ئاماژەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، بەو بۆشاییەی لە سەرەتادا هەبووە، لە پێش بوونی زەمەن و شوێن، ئاو ئەو خوڵقێنەرە بنچینەییە بووە کە بووەتە ڕەگەزی سەرەکیی گەردوون و لە پێش ڕەگەزەکانی ترەوە بووە، دوای لە دایکبوونی گەردوون و ژیان، دووانەی ئاو و خۆڵ، مرۆڤ لە (ئادەم)ەوە لە ڕێگەی تێکەڵکردنیان دروست کراوە (الأسدي، ٢٠١٢: ٣) ئەم هەموو نهێنییەی لە ئاودا هەیە مایەی سەرنج و پرسیارن.

٤- لە چوارینەبەندی (٣٦)ەوە تا کۆتایی کە چوارینەبەندی (٤٧)ە، وەڵامی پڕ دانایی و ئاوە و بەبێ ئاخاوتن، یان بە ڕەمز وەڵامی داوەتەوە و جەختی لە سەر گەورەیی یەزدان و ڕۆڵی ئاو کردووەتەوە.

### ٤- ڕەهەندەکانی ئاو لە (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا

ئاو وەک چۆن شادەماری ژیان و ئاوەدانییە،

هێندەی هەموو ڕەگەزەکانی تری گەردوون جووڵە و گۆڕان و ڕۆیشتن و ئیحابەخشینی تێدایە، لە شیعریشدا وەک ڕەمزێکی پڕ بەها پانتاییەکی دەلالەت ئامێزی گرتووە، بەڵام زیاتر وەک ڕەمزێکی ئەفسانەیی و ئایینی لە نێو شیعری کلاسیکی و نوێ و هاوچەرخدا هەبووە و هەیە، کە شاعیران لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیانەوە و بە پێی ئەزموونی شیعرییان مامەڵەیان لەگەڵ ئەم ڕەگەزە گرنگەی نێو سروشت کردووە، بە تایبەتی ئەو سیفەت و خەسڵەتە سەرنجڕاکێشانەی ئاو، نموونەی بزووتنەوە و دەنگ و جووڵە و ڕەنگ و ڕوونی بوونەتە دەسەڵاتێک بۆ ئاو و بنچینەیەکی گرنگ بۆ بوونی خودی ژیان، چونکە ئاو و ژیان دووانەیەکن جیا ناکرێنەوە. ((ئاو ئەو گیانەیە کە نەک تەنیا زیندوێتی بە ژیان دەبەخشێت، بەڵکوو خودی ژیان خۆیەتی، هێزێکی لە ڕادەبەدەر و توانستی یەزدانییە بۆ بەرهەمهێنانی ژیانی نوێ و بوونەوەری نوێ و شتی نوێ)) (سەرچاوەی پێشوو).

**دار و نەبات و لەعل و زەر**
**حەیوان و ئەصنافێن دسەر**
**گیر و گیور و دەعبەوەر**
**تەفتیش کرن ژنوگفەتێ....** (دێرەشی: ٧٦)

ئاو لە نێو لایەکانی سێگۆشەی ژیان، بەم چەشنەیە:

**جووڵە**

**سۆز** **ئارامی**

بیرۆکەکەی فەقێی تەیران لەسەر ئەم سێکوچکەیە دامەزراوە، یان بە واتایەکی دی، شاعیر بە دوای هەبوونی ئەمانەدا وێڵە و دەیەوێ لە ئاو، وەک هێزێکی مەعنەوی بیدۆزێتەوە، لە ئاکامی



**فەقێی تەیران**

دەستنەکەوتنی وەڵامی پتەو و بەڵگەدارە کە شاعیری تووشی دڵەڕاوکێ و ئۆقرەنەگرتن کردووە و وەک نەخۆشییەکی درێژخایەن لەگەڵ تەمەنیدایە، تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەمە تێڕامانەکانی بیگەنێتە ئەنجام، بۆیە دەشێ شاعیری تریش وێڵ بکات.

لە ئاودا دوو ڕەهەندی گرنگ بەدی دەکرێت، کە دوو جەمسەری پڕ بایەخی ژیان و ژیانی مرۆڤن، ئەوانیش بریتین لە:

**٤- ١- ڕەهەندی پاکبوونەوە**

ئاو ئەو هێزە پاککەرەوەی کونوکەلەبەری گیان و جەستەیە، بەوەی خەسڵەتی دژە دراماتیکییەتی پیسییە، بۆیە ئاو هەروەک وتراوە هەموو وێنەکانی پاکێتی تێدایە (باشلار: ٣١)، ئاو لە نێو هەموو ئایینەکاندا پیرۆزی خۆی هەیە و پەیوەستە بە پاکبوونەوە و شووشتنی گوناه، تەنانەت (تۆفان) نەک پاکبوونەوەی پانتاییەکی دیاریکراوە، بەڵکوو پاککردنەوەی گەردوون بوو، وەک ڕەمزێک بۆ تووڕەیی ویستێکی

نادیار کە ئاوی کردووەتە ئامرازی پاکبوونەوەی گەردوونیی، تۆفان بووە، بەڵگەی شووشتنەوەی گوناهـ وەک لە (سفر التكوين)دا هاتووە: (ان الله أرسل المطر أربعين يوما = و ليلة ليغسل الأرض من خطايا البشر) (سفر التكوين :٧)، ئەم ڕەهەندەی ئاو لە دواوەی هەموو دێڕەکانی (هەی ئاف و ئاف) دەخوێنرێتەوە، بەبێ ئەوەی خەسڵەتی (پاکبوونەوە)ی بەکارهێنا بێ، چونکە (فەقێی تەیران) پشت بە هۆشیاری ناڕاستەوخۆ دەبەستێت، بەوەی جیهان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بە چاوی دڵ دەبینێت، ئاویش یەکێکە لەو پێکهاتانەی کە شاعیر ڕووی ناوەوەی ئاومان پێ دەناسێنێ و پێوەندییەکی بەتین و پتەو لە نێوان مرۆڤ و ئاودا پێک دەهێنێت. لە هەندێ حاڵەتدا هەردووکیان دەکات بە یەک، واتە شاعیر ئاوی مرۆڤ ئاسا ناساندووە، ئەمەش بنچینەی تێڕامانەکانی بووە، بەوەی باڵاییەکی زۆری لە ئاودا بینیوە، بە تایبەتی ئاو لای ئەو کە لە ئاکامی وردبوونەوەیەکی زۆر و دووروودرێژدا پێی گەیشتووە، سەرچاوەی فێربوونی عەشق و پەرستنە، کە ئەم دووانەش دوو جەمسەری ژیانن و هەردووکیان یەکسانن بە پاکێتی لە ڕادەبەدەر، لە کاتێکدا کە هەندێ جار ئاوی بە (شیر) شوبهاندووە:

**گەهـ گەهـ سپی شوبهێ شیر**
**قەت مسلێ تە ناچن تو تیر**
**ڕەنگە کوتە یار نێتە بیر**
**مەیلا حەبیب ژ چونا تەتێ**

**لازم تە مەحبوبەک هەیە**
**یان دۆست و مەتلوبەک هەیە**
**یان مەیل و مەنسوبەک هەیە**
**لەوێ لباس و کسوەتێ...** (دێرەشی:٦٦)

ئەو سپێتییەی ئاو، کە شاعیر بە شیری چواندووە، ڕەهەندێکی گرنگی، ئاوە کە لە سەرجەم ئایینەکاندا ئاو پاکێتی دەنوێنێ و بە هۆیەوە گوناهەکان لادەبات (بە تایبەتی لە سێ ئایینە ئاسمانییەکان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئاو تەنیا یەک ڕەگەزی میتافیزیکی نییە، بەڵکوو هەمووە، چونکە هەموو شێوەکانی هەیە: گازی، شلی، ڕەقی، وەک ڕەهەندێکی ماددی لەبەر ئەوەی بێ ڕەنگە، هەڵگری هەموو ڕەنگەکانە، لە ڕووی جووڵە و چالاکییەوە بکەرە نموونەی: لافاو، زریان، هەروەها لە هەمان کاتدا کاریشە، بەوەی سەوز دەکات، دەژێنێت، دەمرێنێت) (النصير، ٢٠١٢: ٧-٨)، لە بەرانبەر هەر جۆرێک دژەکەیشی هەیە وەک: لە بەرانبەر ئاوی پاک و بێگەرد، ئاوی بۆگەن (الآسن) (٩) هەیە و لە قورئانی پیرۆزیشدا لە ئایەتی (١٥)ی سورەتی (محمد)دا هاتووە: (مثل الجنة التي وعد المتقون فيها أنهار من ماء غير آسن)، هەروەها پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (الماء لا ينجسه شيء) (جاحظ: ١٤٧/٥)، ئاو بە هیچ شتێک پیس نابێت، چونکە خۆی پیسی لادەبات، تەنانەت خوا لە پاداشتی مرۆڤی چاک، پەیمانی بەهەشت لە ڕێگەی وەسفکردنی بەوەی کە ڕووبار بە ژێریدا دەڕوات، (وعد الله المؤمنين والمؤمنات جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها) (سورەتی التوبة، ئایەتی ٧٢)، واتە ئاو لە نێو شارستانێتی و ئایین و ئەفسانە و فەلسەفە و زانستدا خاڵی گرنگی تاووتووکردن و باسکردنیەتی، لەبەر ئەوەی ئاو هەم بنچینە و هەم ڕەگەزی سەرەکی دروستکراوەکانی دیکەیە.

ئەم تێڕوانینە نەستی کۆیی دروستی کردووە، کە ئایین بە کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە و تێیدا

کۆمەڵێک ڕێ و شوێنی ڕەمزی دەگرێتەبەر، وەک: (نوێژە بە بارانە) بە مەبەستی داواکردنی ئاو لە ئاسمان، لە پێناو بووژانەوەی زەوی و بەخشینی ژیان پێیان، پەیوەست بوونێکیشە لە نێوان جیهانی بینراو و جیهانی نەبینراودا، یان (ئایدیا).

بۆیە بایەخی ئەم دەقەی فەقێی تەیران لەوەدایە کە نەک تەنیا ئاماژەکردنە بە ئاو، یان بەکارهێنانی وەک ڕەمزێک و پانتاییەکانی ئاو چەشنی ڕووبار، دەریا، جۆگە، دەریاچە (گۆل)، کانیاو،... تاد بێت، بەڵکوو سەرەتای دەقەکە و چوارینەبەندەکان بەخشینی کەسایەتییە بە ئاو و بە زمانی حاڵ قسە پێکردنیەتی، واتە بەکەسکردنی ئاوە بە مەبەستی خستنەڕوو و ئاشکراکردنی ناخی ئاو و دەربڕینی جوانییەکانی ناوەوە و خودی ئاو، فەقێی تەیران بە دوای نهێنییەکانی ئاودا دەگەڕێت و سەرسوڕمانەکانی بێ سنوورن و هێندە پرسیار لای ئەو سەری هەڵداوە، لای وایە ئاو ئاڵۆزی و تەمومژییەکی زۆری تێدایە و دەیەوێ چەشنی مەتەڵێک هەڵیبێنێت.

ئاو لای فەقێ کەسێکە بە هەموو مانای کەسیی، وێنەیەکی کاریگەری لە ئاو دروست کردووە، لە ڕێگەی ئاوەوە ویستوویەتی تێڕوانینی وردی خۆی بخاتە ڕوو کە شیاوی تێرامان و هەڵوەستەکردنە.

**٤- ٢- ڕەهەندی پیتێنەری**

هەر لە کۆنەوە وایان دەزانی کە ئاو خودان گیانە، لەناو فۆلکلۆری کوردیشدا ئەم هزرە هەیە، بە تایبەت ڕووبار کە خاوەن گیانە و هزر دەکات و هەڵوێست وەردەگرێت. ئاو پەیوەستە بە خەیاڵی ماددی و یەکێکە لەو ڕەمزە ڕۆشنبیرییانەی کە هەمیشە لە بیرەوەری مرۆڤدایە، بە تایبەتی کە ڕەگەزێکی سروشتییە و چالاکی دەنوێنێ، وەک لە پەندی کوردیشدا دەوترێت: ئاو و ئاوەدانی.

لە نێو هزری ئەمازیغیدا ئاو دوو خەسڵەتی هەیە: یەکێکیان نێرینە و پەیوەستە بە ئاسمانەوە، دووەمیان: مێینە و پەیوەستە بە زەوی، لە ڕێوڕەسمی (taslet - unzar) (ئونزار، بە واتای باران)، کە ئاسمان دەنوێنێ و (تاسلیت) کچی زەوییە، لە ئاکامدا (پیتێن) دروست دەبێت و بەرهەمەکەی سەوزاییە، واتە بارینی باران بریتییە لە هاوسەرگیرییەکی گەردوونی نێوان (ئاوی باران) و (بووکی زەوی)، هەمیشە زەوی چاوەڕێی بارانە تینوێتی بشکێنێ و سەوزیی پێ ببەخشێت، سەوزییش هاوتای خودی جوانی خۆیەتی (اوسوس، ٢٠٠٧: ١٣)، کەواتە (دوو لەدایکبوون سەریان هەڵدا: لە دایکبوونی گەردوونی و لە دایکبوونی ژیان) (الأسدي: ئینتەرنێت) ئاو هێزێکی لەڕادەبەدەر و ویستێکی خودایی بۆ بەرهەمهێنانی ژیانێکی نوێ، بوونەوەری نوێ، شتی نوێ هەیە، ئاو لە نێو هزری میتۆلۆژیادا ڕەگەزی خوڵقاندنە، ئەو گیانە خراپانەی هێرش دەکەنە سەر مرۆڤ لە ناویان دەبات (فرانکفورت، ١٩٨٠: ١٧٠-١٧١).

ئاو بەردەوام مایەی پرسیار و سەرسوڕمان و جێگەی رامان بووە، زیاتر لە سێ ڕەگەزی دیکەی گەردوون (خۆڵ، با، ئاگر)، هەروەها لە بنیادنانی چوار ڕەگەزە سەرەکییەکەی کە جیهانی پێوە بەندە، ئاو سەرەکیترینیانە و هەڵسوڕێنراوی سێ ڕەگەزەکەی تریشە، چونکە تەواوکەر و پارێزەری هەر سێ ڕەگەزەکەیە، ئەمەش پێگەی ئاوی بەرز کردووەتەوە و بەهایەکی زیاتری پێ بەخشیوە.

ظاهر كرين چار ((باكره))
با و ئاف و ئاخ و ئاگره
حەیوان هەموو ژێ چێکره
دار و نەباتا کسوەتێ... (دێرەشی:٧٦)

(د. مارف خەزنەدار)یش پێی وایە کە فەقێی تەیران ڕوشنبیرێکی هۆشیارە، بە تایبەتی لەم چوارینەبەندەدا نیشانەی شارەزابوونیەتی لە مێژووی گریک، بە تایبەتی فەلسەفەی سەرەتایی (خەزنەدار، ب٢: ٢٢٠)، لەبەر ئەوەی ئاو یەکەم مەرجی ژیانبوونە، بۆیە بالاترین پلە و پایەی لە چوارچێوەی گەردووندا هەیە، ئەمەش وای کردووە ڕەهەندی پیتێنەری هێزی دروستکردن و ڕێکخستن بێت و بە خۆشەویستی و پیرۆزییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت (الأسدی:١)

کەهنی دزێن جوو ژی دچن
هندی خودی دان ئنس و جن
قەت کەس نەکر ئەڤ پرس ژ من
نە ژ ئەنبیائێ ئوممەتێ... (دێرەشی:٧٢)

کاتێ کانی دەزێ جۆگەی لێ دەبێتەوە، ئەمە ڕامانی فەقێی تەیران و سەرسوڕمانی زیاتر دەکات.

ئاو لە ڕووی فەلسەفییەوە کوڕە و بەرانبەر جەمسەری کچ کە زەوییە دەوەستێت، ئاوپیتێنی ناو جەرگەی ڕەحمی گەردوونە، زەوی دایکی یەکەم و مەزنە، ئاوەکە هێزی خوڵقاندن و بەردەوامی و گەیاندنی پێ دەبەخشێت (سەرچاوەی پێشوو)، بە هۆیەوە زەوی دەدرەوشێتەوە و بەرهەمی دەبێت و لە خزمەتی مرۆڤدا کار دەکات، لە کاتێکدا ئاو لە پاڵ جەمسەری خێر و خۆشی و میهرەبانی بەخشین، بە هۆی (باران)ەوە کە سەرچاوەی جوانی و ژیانەوەیە، لە هەمان کاتدا جەمسەرێکی پێچەوانەیشی هەیە، وەک سزایەک ڕەفتار دەکات، چەشنی (لافاو) کە لە ئاکامی تووڕەیی ئاو، نەرمونیانییەکەی لە دەست دەدات و زیان بە مرۆڤ و دەوروبەری دەگەیەنێت.

### ٥- سیما هونەرییەکانی (هەی ئاف و ئاف)

ئاو ناوەستێ، تێکەڵ بە گیانی شاعیر بووە و بوونەتە دوو هاوڕێ، بۆیە لەگەڵ یەکدا دەدوێن، دواندنێکی لۆژیکیانە بە یەکیان دەبەستێتەوە، گەڕانی شاعیر بە دوای ڕاستی مەسەلەکان و ناوەوەی ڕەگەزی ئاو بە هۆی پرسیارکردن بۆ ناساندنی خودی بەرانبەر کە (ئاو)ە، بەمەش دیالۆگێکی زیرەک و عاقڵانەی دروست کردووە، بە هۆی زمانێکی پاراوی سۆفییانەی تێکەڵ بە چەندان وشە و زاراوەی سۆفییەتی نێو زمانی عەرەبی، وەک (راحەت، موحبەت، قصة، طاعة، سکنة، محبوب، لباس، کسوة، رقص، محنە، زحمة، کر و فر، منسوب، مەتلوب، معرفة، اظهار، اعتبار، قیل و قال، حقیقة، علم، عرش، مسألة، منزل، عیان، .... تاد) کردووە، زمان کە پردی بەستنەوە و مانەوەی واتا و سەرچاوە واتاییەکانە لە نێوان نووسەر و وەرگر، ئەم زمانەش جۆری دەقەکە و شێوازی خستنەڕووی دیاری دەکات، هەر بە هۆی زمانیشەوە ئاراستەی گوتاری نێو شیعرەکان بە وەرگر دەگەن، لە کاتێکدا گوتاری سۆفیگەری پەیامێکی قورسی زمانی هەڵگرتووە، چونکە زمانێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو زمانێکی ڕەمز ئامێزی پڕ لە ئاماژە و نیشانەیە، زمانێکی ناڕاستەوخۆیە، فەقێی تەیران هەوڵی داوە لەم داستانە شیعرییەدا (١٠) ئەم ئاراستەیە بگەیەنێت، کە پێویست بە لێکدانەوە دەکات. ئەم دەقە ڕۆچوونە بە ناو قووڵایی و ناخی جەستەی ئاو و دەربڕینی ڕازەکانی ئەم قووڵاییەیە، خەیاڵی فەقێی تەیران توانیویەتی

لە نێو کەشی فراوانی ئاودا گەشتێک بکات و بیکاتە هاوڕێی و هەموو پرسیارە پەنگ خواردووەکانی دەروون و مێشکی ئاراستە بکات، ئەمە خۆی لە خۆیدا بووەتە مایەی خودی فەقێی تەیران و ئاو دوو خودی هاوڕا دروست بکەن، بەمەش هاوکێشەیەکی هاوسەنگی لە نێوان خۆی و ئاودا چێ کردووە. دروستکردنی وێنەی ئاو خۆی لە خۆیدا هەمیشە لە ڕۆیشتنی بەردەوامدایە، بەڵام شاعیر ئەمە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی کە عاشقە و دەروونی ناجێگیرە، بۆیە ئەم هاتوچۆیە دەکات، کاتێ دەڵێ:

**بێ ڕاحەت و بێ سکنەئی**

**یان عاشقی باخۆی (١١) خوەئی**

**یان شوبهەتێ قەلبێ مەئی**

**ژ عەشقا کێ ناتەبتێ...** (دێرەشی:٦٣)

لەم چوارینەبەندەدا ئاو مرۆڤێکی پڕ دڵەڕاوکێ و عاشقە چەشنی دڵی شاعیر کە بە هۆی عەشقەوە ناجێگیرە و ئارامی نەماوە، ئەمەش جوانییەکی زیاتری بە وێنەی ئاو و چۆنیەتی ڕۆیشتنی داوە، کە هەر بە سروشت بەم شێوەیە دەچێتە نێو (جوانی بایس).

سیمایەکی تری هونەریی ئەم دەقەی فەقێی تەیران لە سەروای ئەڵقەبەندە (Larimeechaine)، کە بۆیە وای پێ دەگوترێ، چونکە دوو دێڕ بەیەکەوە گرێ دەدا و بریتییە لە دووبارەبوونەوەی وشەی سەروای لەتی دووەم، چ وەک خۆی و چ بە گۆڕانێکی کەم، لە سەرەتای دێڕی دواتر، ئەمە لە فەرەنسیدا، وەک حاڵەتێکی تایبەتی سەروا باسی کراوە (گەردی، ١٩٩٩: ٣١٨).

ئەمە لە عەرەبی و فارسیدا (رد الصدر علی العجز)ی پێ دەڵێن، پێویستە ئەوەش بڵێین کەوا دەبێ ئەم (رد الصدر علی العجز)ە، لە ڕووی ماناوە بێ، نەک بە وشە (گەردی:٣١٨).

کەچی فەقێی تەیران نەک دێڕ، بەڵکوو چوارینە بەندەکانی ئەڵقەبەند کردووە، بەمەش ڕێچکەشکێنی لە چۆنیەتی داڕشتنی چوارینەبەنددا کردووە، لە زۆربەی شوێنەکاندا وشەکە، یان دەستەواژەکە وەک خۆی و لە هەندێ شوێنی تریشدا گۆڕانکارییەکی کەمی تێدا کردووە و ئەم ئەڵقەبەندییە ڕیتمێکی ناوازەی بە دەقەکە بەخشیوە، بۆ نموونە:

**ئەو ڕەنگ دبێت ئاڤا زەلال**

**بوهرین ل من چەند ماهـ و سال**

**قەت نەکر ژمن سوئال**

**هەتا گهام ڤێ سەعاتێ**

**هەتا گهامە ڤێ دەمێ**

**مایەک نەبوو دڤێ عالەمێ**

**عەبدەک ژ پوشتا ئادەمێ**

**بفکر د ئەحوالێ شەتێ...** (دێرەشی:٧١ ـ ٧٢)

ئەم ئەڵقەبەندییە، سەرباری ڕیتمە ئاوازدارییەکەی، بەردەوامییەکی ڕەوانی نەپچڕاوی ناوازەی بە دەقەکە داوە و کردوویەتییە سەرچاوەی چێژێکی لە ڕادەبەدەر، سەروای سەرەکی شیعرەکە (ەتێ) یە کە ڕیتمێکی پڕ جووڵە و ئاهەنگی بە دەقەکە بەخشیوە.

## ٦- ئەنجام

لە ئاکامی پشکنینی وردی ئەم دەقە و تاووتووکردن و خستنەڕووی وردەکارییەکانی پێکهاتەکەی گەیشتینە چەندان ئەنجامی دیاریکراو، وەک:

- ئاو لە نێو شیعری دێرینی کوردیدا وەک ڕەمزێک و سەرچاوەی ژیانێکی ئەبەدی ئاماژەی پێکراوە، بەڵام وەک دەقی سەربەخۆ، بێجگە لە دەقی (ئەی ئاف و ئاف)ی فەقێی تەیران، هیچ دەقێکی تر بەدی ناکرێت، بۆیە

فەقێ پێشەنگە و ئەم دەقەی پێیەکی لە نێو فەلسەفە و ئایینداییە و پێیەکەی تری لە نێو داهێنانی شیعر.

- هەرچەندە فەقێی تەیران لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردیدا بە شاعیرێکی میللی ناسراوە، بەڵام ئەم دەقەی یەکێکە لەو دەقە فەلسەفی و پڕ بایەخانەی ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، کە تێیدا توانیویەتی ئاو لە پەیکەری کەسێکی باڵادا بەرجەستە بکات و بەشێکی بیروڕاکانی خۆی لە بارەی سۆفییەتی و زیکر و خواپەرستی پێ ببەخشێت.

- بیرۆکەکەی فەقێی تەیران پێشتر چ لەسەر ئاستی زمان، یان بیرکردنەوە، یان هزرکردن کاری لەسەر نەکراوە، لە کاتێکدا زمانی دەقەکە زمانێکی تێکەڵە، هەروەک زمانی شیعری دێرین لە وشە و دەستەواژەی کوردی و عەرەبی و تایبەتتریش وشە و دەستەواژە سۆفیگەری و عیرفانییەکان، کە ڕێژەیەکی زۆری دەقەکە سەرباری بابەتی ئایینی، لەم جۆرەن.

- فەقێی تەیران لەم دەقەدا وەک تینوویەکی مەعریفە دەردەکەوێت، بە هۆی کاریگەری ئاو و جوانییەکانی و پێویستی مرۆڤ بەم ڕەگەزەی سروشت و واتا و بەها بەنرخەکانی ئاو لە خێر و چاکە و جوانی لە نێو دەقەکەیدا تەوزیف و بەرجەستە کردووە و نەبوونی، بە نەبوونی ژیان و جوانییەکانی و ئاوەدانییەوە بەستووەتەوە، بۆیە (من)ی شاعیرێکی هۆشیار و دانا بەدی دەکرێت.

- لە ((هەی ئاڤ و ئاڤ))دا تەنیا ئەرکی شیعری بەدی ناکرێت، ئاو تەنیا وشەیەکی شیعریی نییە، بەڵکوو بنیادی هزری و جوانناسی لە بواری سەرسوڕمان لە مەزنیی ئاو و ئەو باڵادەستییەی کە ئاو هەیەتی، بەدی دەکرێت.

- چوونە نێو خەیاڵی ماددی ئاو و دۆزینەوەی چەندان نهێنی و خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی ئاو، کە ئەم بابەتە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەگمەنە، بەوەی گفتوگۆیەکی فەلسەفییانە، لە ئاکامی خستنەڕووی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ و بنچینەیی، بابەتەکە گەڵاڵە کراوە.

- هاوکێشەی ئاو لە (ئەی ئاڤ و ئاڤ) بە نهێنی (غیب)، پەرستن، ئاوەدانی، ڕیتم، هیوا، مەتەڵ و ئاڵۆزی، عیشق، زانین و زانیاری... تاد یەکسان کراوە، کە هەموو برگەکانی هاوکێشەکە دەچنە نێو لایەنی ئەرێیی ئاو و لایەنی نەرێیی لە دەقەکەدا شوێنی نییە.

- فەقێی تەیران لەم دەقەدا بڕێکی زۆر پرسیار دەورووژێنێت، بەمەش ئاسۆی خەیاڵ و ئەندێشە فراوانتر دەکات، بەوەی هەمیشە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارە چڕانەی نێو دەقەکەدا بگەڕێن.

- کەشێکی سۆفیگەرییانە دەوری ئەو دەقەی (فەقێی تەیران)ی داوە لە پاڵ هەستکردن بە ڕۆمانسییەت و درکپێکردنی خەیاڵێکی نهێنی، بەهۆی ئەمانەوە شاعیر توانیویەتی گەورەیی و باڵایی ئاو بەرجەستە بکات.

- ئەگەر مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی کاری لەسەر فەلسەفەی (نەی) و ئازار و گریەکانی دەروونی نەی کردبێت و بەمە تیۆرێکی دارشتبێت، ئەوە (فەقێی تەیران) کاری لەسەر فەلسەفەی ئاو و نهێنییەکانی ئاو و مەزنییەکانی کردووە، ڕیتمی ڕۆیشتن و جیابوونەوە و سۆزی غەریبی لای هەردوو شاعیر مایەی دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان بووە، شوێنەواری هەموو ئەوانە لای فەقێ دەلالەت لە قووڵیی غەمگینی شاعیر لەلایەک و وردبینی و بەراوردکردن و هەست پێکردنێکی

ڕاستگۆیانەی ناخی ئاو لە لایەکی ترەوە دەکات.

## ٧ - پەراوێزەکان

٩- الآسن: ئەو ئاوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و یەکێ لە خەسڵەتەکانی لە دەست دەدات و بە کەڵکی خواردنەوە نایەت . بڕوانە:

- معجم لغة الفقهاء، د. محمد رواس و د. حامد صادق، ط٢، دار النفائس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٨٨.

- المعجم المفهرس لمعاني القرآن العظيم، محمد بسام رشدي الزين، مجلد ٢، ط٢، دار الفكر، دمشق، سوريا، ١٩٩٦.

١٠- د. مارف خەزنەدار جارێک بە ناوی ((چیرۆکە شیعر)) و دواتریش بە داستان ناوی دەبات، بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل٩٨.

١١- باخوی: بە واتای خوا دێت، لە بەرهەمەکانی تریشی نموونەی (بەرسیسی عابد و شێخی سەنعان)دا بەکاری هێناوە. بڕوانە: عبدالرقیب یوسف، فەقێی تەیران و هەڵبەستا ئەی ئاڤ و ئاڤ، گ بەیان، ژ ٦٥، ل٨١.

## ٨- سەرچاوەکان


**- بە زمانی کوردی**

١- سەجادی، عەلائەدین (١٩٧١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، چاپخانەی مەعارف، بەغداد.

٢- ڕەسول، د. عیزەددین مستەفا (١٩٨٠)، شیعری کوردی، ژیان و بەرهەمی شاعیران، ب١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

٣- خەزنەدار، د. مارف (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٤- خەزنەدار، د. مارف (٢٠٠٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥- دێرەشی، سەعید (٢٠٠٥)، دیوانا فەقێی تەیران، چاپخانەی سپیرێز، دهۆک.

٦- یوسف، عبدالرقیب (٢٠٠١)، بەرصیصی عابد، دەزگەها ئاراس، هەولێر.

٧- گەردی، عەزیز (١٩٩٩)، سەروا، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٨- حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٠٢)، گەڕان بە دوای نەمریدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**- نامەی ئەکادیمی**

٩- خالد، عیماد وەیسی (٢٠٠٨)، بەراوردکردنی داستانی (شێخی سەنعان)ی عەتتاری نیشاپوری و فەقێی تەیران، نامەی دوکتۆرا، ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەددین.

**- گۆڤارەکان**

١٠- لوتفی نیا، حەیدەر (٢٠٠٤)، ڕەمز و ڕازەکانی ئاو، گۆڤاری ڕامان، ژ/ ٨٢ ـ ٨٣، ساڵی حەوتەم، ئادار.

١١- یوسف، عبدالرقیب (١٩٨٠)، فەقێی تەیران، گۆڤاری بەیان، ژ٦٥.

- بە زمانی فارسی

١٢- بورەکەیی، صديق صفى زاده (١٣٨٠)، دايره معارف كردى، فرهنگ اعلام، انتشارات پليكان، چاپ اول.

**بە زمانی عەرەبی**

١٣- القرآن الكريم

١٤- خەزنەدار، د. معروف (١٩٧٨)، مخطوطات فريدة و مطبوعات نادرة، الجزء الأول، مطبعة المعارف، بغداد.

١٥- ملين، لورانس و ماجيرى ملين(١٩٦٦)، الماء و الحياة، ترجمة: ثابت قصيبي وعياد بياوي،

مؤسسة سجل العرب.
١٦- الجاحظ، الحيوان، مجلد٣، جزء٣.
١٧- الأبشيهي، شهاب الدين (د. ت)، المستطرف من كل فن مستظرف، تحقيق: عبدالله أنيس الطباع، دار العلم للملايين، بيروت،.
١٨- السيد، د. صلاح (؟)، روائع الأساطير الرومانية، ط١، دار الطيبة للطباعة و النشر، الجيزة، مصر.
١٩- حرب، د. طلال (١٩٩٩)، معجم أعلام الأساطير و الخرافات، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.
٢٠- ابن اياس (١٩٩٢)، بدائع الزهور، تحقيق ابراهيم امين محمد، المكتبة التوفيقية.
٢١- حامد، اسماعيل، (ذى القرنين)، الملك الذي طاف المشرق و المغرب، ط١، دار طيبة للطباعة، الجيزة، مصر.
٢٢- باشلار، غاستون (٢٠٠٧)، الماء والاحلام، ط١، دراسة عن الخيال والمادة، ترجمة/ د. علي نجيب إبراهيم، مركز دراسات الوحدة العربية.
٢٣- فندي، رشيد (٢٠٠٤)، من ينابيع الشعر الكلاسيكي الكردي، ط١، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل.
٢٤- عوض، ريتا (١٩٧٨)، أسطورة الموت والانبعاث في الشعر العربي الحديث، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت – لبنان.
– السواح، فراس، اسطورة الخليقة العراقية، مجلة الثقافة الشعبية، انترنيت .
٢٥ – الاسدي، د. محمد (٢٠١٢)، شعراء الماء، الحقول الدلالية للعلامة المائية، انترنيت، ١٠/ ٤/.
٢٦ – النصير، ياسين (٢٠١٢)، شعرية الماء، مقالات في نقد الشعر، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية.
٢٧ – رواس، د. محمد و د. حامد صادق (١٩٨٨)، معجم لغة الفقهاء، ط٢، دار النفائس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.
٢٨ – رشدي الزين، محمد بسام (١٩٩٦)، المعجم المفهرس لمعاني القرآن العظيم، مجلد ٢، ط٢، دار الفكر، دمشق، سوريا.
٢٩ – الطبري، ابن جرير (١٩٩٥)، جامع البيان عن تأويل آيات القرآن، دار الفكر، بيروت، لبنان.
٣٠ – أوسوس، محمد (٢٠٠٧) دراسات في الفكر الميثي الأمازيغي، منشورات المعهد الملكي للثقافة الأمازيغية، سلسلة الدراسات و الأبحاث (٦)، الجزائر.
٣١- يحياوي، أ.سامية ()، الأبعاد الدلالية لموضوعة الماء في الشعر العربي الحديث – «علي محمود طه أنموذجا»، مجلة المقال، العدد الرابع.
٣٢- فرانكفورت، هـ جون .أ.ولسن، و آخرون (١٩٨٠)، ما قبل الفلسفة – الانسان في مغامرته الفكرية الاولى، ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ط٢، بيروت، لبنان.
33-Sadini, Xalid (2009), Feqiye Teyran, Jiyan, Berhem u Helbesten Wi, Kilim Matbaacihk Litros Yolu, Istanbul.